# ناوەڕۆك

پێشەکی: بەجیهانیبوون ڕووداوێکی سەردەمە

## I- ڕەخنەی شوناسنامە

1- بەجیهانیبوونی شوناسنامە یاخود دژە داگیرکردن

2- شۆکی بەجیهانیبوون لە ووتاری دەستەبژێردا (1)

3-شۆکی بەجیهانیبوون لە ووتاری دەستەبژێردا (2)

4- شوناسنامە لە نێوان سێینەی بە ئیسلامبوون و بە مرۆڤبوون و بەجیهانیبوون.

## II- بەجیهانیبوون وگرەوەکانی ئاینده

1-دیاردەی بەجیهانیبوون وئایندەی جیهان: یەک شارستانیەت وفرە رۆشنبیریەکان

2-بەجیهانیبوون و ئایندەی رۆشنبیری: فیکرو نێوەندەکان

3- خوێندنەوە لە بەرامبەر بینراودا یاخود کتێب لە نێوان زەمەن و نێوەندەکانی

4-لە رێکوپێکیەوە بۆ نێوەند یاخود نێوەندە ڕێگا لە سەردەمی هۆکارەکان

5- شارو گۆڕانکاریەکانی : لە سەردەمی جەستەوە بۆ زەمەنی ژمارەو روناکی

## III- دایەلۆگی کۆتاییەکان

1-پاشەکشێی مرۆڤی هۆشمەند لە نێوان دەسەڵاتی نیشانەودەسەڵاتی زانینەدا

2-منی بەردەوامی و شوناسنامەی لەدایک بوو

3-پاش مرۆیی یان بەرەو بکەری مرۆیی نوێ

# رەخنەی شوناسنامە

## بەجێهانیبوونی شوناسنامە یان دژە داگیرکردن

ئەو دۆزە سەرەکی یەی کە دەمەوێ بە شیاوی و رەواوی لێرەدا بیخەمەڕوو[1]، بریتیە لەوەی کە گرفتی شوناسنامەی کلتوری لای ئێمە بە پلەی یەکەم خۆی لە هێزی بەجیهانیبوون و داگیرکردنی ئەمریکیدا حەشار نەداوە، بەڵکو گرفتەکە لای ئەهلی شوناسنامەو پارێزەرانی دەستەبژێر رۆشنبیریەکەدایە.

دەرپەڕینم لە وتەکانمدا، ئەوەی من پێوەی سەرقاڵم ، ئەوەی لە مێشکمدایە، بریتیە لە کارکردنم لە بواری رەخنەو گرنگیدان بە پیشەسازی فیکرەکان و مومارەسەکردن بە لۆجیکی بەرهەمهێنان و وەرچەرخان. بۆیە من بە زمانی ئایدۆلۆژیای شۆڕشگێڕانە نادوێم لەبەر ئەوەی ئەم زمانە زمانی  بانگەشەکەرانە لە لاهوتخواز و قەشەو رۆشنبیرەکان و ، هەروەها ئەوانەشی سەرقاڵی پاراستنی ئسولْ و بیروباوەڕن  یاخود ئەوانەی کە بەرگری لە شوناسنامەو شتە چەسپاوەکان ئەکەن.

رەنگە ئەم ئەرکە خەباتگێڕیە پێویست بێت، بەڵام ئەمە لەلای من ئەرکێکی سەرەکی نیە ،لایەنی کەم ئەم ئەرکە چالاکی خۆی لەو کارەوە دەستگیر ئەبێت کە من مومارەسەی ئەکەم،وەک کەسێک کە لە مەیدانی فیکرو فەلسەفەدا کار ئەکات ئەرکی سەرەکی ئەوەیە کە بە زمانی تێگەیشتنانە واقیع دەستنیشان بکات، یاخود رووداوەکان داڕشتنێکی ماقوڵانە داڕێژێ ، یان بە شێوەیەکی عەقڵانی باس لە  جیهان بکات، یابەشداری لە دەرخستنی بەها هاوبەشەکان و پێوانە ئاڵوگۆڕیەکان بکات.
منێک کە لەم مونتەڵەقەوە دەرئەپەڕم، ئەمەوێ دووبارە دووالیزمی راڤەکردن و گۆڕین داڕێژمەوە. ئێستا چیتر ئەرکەکە هەروەک مارکس وتەنی کارکردن نیە بۆ گۆڕینی جیهان پاش ئەوەی فەیلەسوفەکان کاریان لەسەرراڤەکردنی کرد. هەروەها لە بەرامبەریشدا ڕاڤەکردنی جیهان نیە دوای تێکشکانی  هەوڵەکانی گۆڕانکاری هەروەک هەندێک لە ئێمە ئەیڵێت بە نموونە لێکۆڵەرەوەی ئینگلیزی بۆل ئەرمرود.

لەبەر ئەوەی هەموو نزیککردنەوەیەکی گرنگ بۆ جیهان بەشداری لە گۆڕینی ئەکات ، بەرادەی ئەوەش لە رێی فیکرە داهێنەرەکان و چەمکە تێپەرەکان دووبارە پێکیئەهێنێتەوە. نموونەشم لەسەر ئەمە چەمکەکانی وەک بەجیهانیبوون و کۆتایی مێژووو کۆتایی رۆشنبیریە کە ئەمانە تەنانەنەت لای ئەوانەش کە کار ئەکەن بۆ رەفزکردن و بەرگریکردنیان لەسەر گۆرەپانی فیکر کاریگەری خۆیان ئەنوێنن و بواری بەکارهێنانی خۆیان ئەخوڵقێنن .ئەمەش ئەرکی هەموو داهێنان و بەرهەمهێنانێکە، چ سیمبولی یاخود ماتەریالی بێت و پەیوەند بێت بە فیکر و زانیاریەکان یاخود بە  شمەک و تەکنیکەکان، بەڵام بەشداری لە گۆڕینی واقیع ئەکەن و ، بە هەمان رادەش بووە بە پێکهێنەری هۆش و بەشێک لە جیهانی ژیان و سەردەمی بژێوی.

---

[1] بەشداریکردنێ لە کۆڕێک لە بارەی (( بەجیهانیبوون و پرسیاری شوناسنامە)) ، یەکێتی نووسەرانی لوبنان، بەیروت ، تشرینی دووەم، 1998

www.dengekan.com
1/25/2007

